پلنومی 15 ی کومیته ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق، پلنومێك بوو له هەموو بارەکانیەوە دەتوانیین بلێن پلنومیکی سەرکەوتوو بوو، ئەم پلنومە تەنها بریتی نەبوو له کوبونەوەیەکی ئاسایی رابەری حزب ، بەلکو ئەم پلنومە ئەو بوو که چارەنووسی سیاسی حزبی تیدا تحدید کرا له ئیستا و ئایندەی عیراقداا .

ئەم پلنومە ئەهمەتیکی سیاسی گرنگی خۆی هەبوو بە هوی دوو دەلیلەوە، یەکەمیان وەزعیەتی سیاسی تایبەتی عێراق و کوردوستان ، دووەمیشیان هەلومەرجەی تایبەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری و حزب بوو .
بە نەزەری من پلنوم توانی له باری سیاسیەوە وەلام بەو دوو وەزعیتە بداتەوە ، هەرلەباری فکری و سیاسیەوە، هەم لەباری نەخشەی عملیەوە بۆی.
ئەوەی من ئەیبینم حزبی ئێمە له دوای ئەم پلنومەوە حزبێکی ترە ئەگەر نەخشە عملیەکانی لەلایەن رابەری وکادرانیەوە بچێتە پێش. حزبیك دەبیت که خوی بە ساحیبی ئەسلی کومەلگا دەزانی و جواب بە کیشەکانی بەعملی دەداتەوە. حزبیك دەبیت لەباری کومەلایتیەوە دەبیتە حزبیکی سیاسی که دەتوانی سەرنجی کومەلگا بۆ لای خۆی راکێشی، دەتوانی ببێتە حزبیکی جەماوەری که دەتوانی بە دەیا هەزار نەفەر له ریزەکانی کارو فعالیەتی خویدا ریك بخات، حزبیك دەبیت که دەتوانی اعتمادی زورینەی خەلك بەدەست بێنیت، حزبیك دەبیت که له تروسکایەوە دەبیت بە مەشخەلی رزگاری خەلکی عێراق و کوردوستان له وجودی سیناروی رەشدا.
مەسەلەیکی تر هەیە بە نەزری من دەبیت اشارەی پێ بکەین چونکە یەکیکە لەمەسەلە گرنگەکانی ناوخوی حزب کەلەم پلنومەدا تەسەلوتی هەبوو ، ئەوەش ئینسجامی سیاسی و وەحدەتی ئیرادەی رابەری حزب بوو، انسجامیکی سیاسی که بێ وینە بووە له میژووی سیاسی حزبی ئێمەدا، هەروەها انسجامی سیاسی کادرانی حزبی بە دەوری رابەریدا. کەبە بیروبووچوونی من ئەمە یەکیك بوو له خالە بەهیزەکانی پلنوم، وە هەر ئەمەیە دەتوانی لەراستەی ئەوەدا بیت که حزب بکاتە حزبیکی سیاسی جدی داخەلەتگەر له کۆمەلگادا، وەهەر ئەمەیە دەتوانی سەق موتەحیدی ریزەکانی حزب مونسەجم تر بکات.
خالیکی تریش که بەنەزەری من جایگای گرنگی هەبوو له پلنومەکەدا ئەویش وجودی هاوری فاتیح شیخ سەروکی دەفتەری سیاسی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق–حکمەتیست بوو له کوبونەوەکاندا، وجودی وەفدی ئەو حزبە له رەئسی رابەریەکایاندا لەباری سیاسی ئەهمەتیکی گرنگی خوی هەبوو لەتەقویەتی جەرەیانی کۆمۆنیزمی کریکاری له ناوچەکەدا.

له کوتایشدا دەلیم سەرکەوتنیئەم پلنوم و جایگای سیاسی ئەم پلنومە له مێژووی حزبدا له بەعملی کردنەوەی نەخشەو بریارەکانیتی. ئەم سەرکەوتوویە تەنها لەمەدا دەبینریت. ئەم نەخشەیەش مەسوولیتەی رابەری حزب و جەمعی بەرفراوانی کادرەکانیەتی له دەرەوە و ناووەوە که کارەکانی له ئەستو بگرن وە عملی بکەنەوە.

رعد سلیم